# سۆزانییەک: نێرینەی کورد شێتانە سێکس دەکەن

■ ئاوێنە، هەولێر

دوای ئـــازاد کردنی عێـــراقو رووخانی رژێمـــی بەعس، لەشفرۆشـــێکی زۆری باشـــوور، هاتوونەتە کوردستان. وەک خەڵک باســـی لێوە دەکەن بەشێک لە کچە ئەســـمەرو باڵا بەرزەکانی عەرەب روویان کردۆتە شارەکانی کوردستانو بە لەشفرۆشییەوە ســـەرقاڵن. شاری هەولێریش وەک زۆربـــەی ناوچەکانی کوردســـتانو بەهۆی نزیکی لە موسڵو کەرکوکـــەوە ئـــەم دیاردەیـــە تێـــدا پەیدابووە. ئاوێنـــە دوای هەوڵدانێکی زۆر توانی ٢_٣ ماڵ بدۆزێتەوە کە ئەو ئافرەتانەی تیا گیرســـاونەتەوەو لەوێ بەکرێ دەدرێن.

### ٢٥٠ دۆلار بەرامبەر شەوێک رابواردن

ئوم عەلی، ئافرەتێکی رەش ئەسمەری تەمەن ٣٥ ســـاڵانو لەماڵەکەی خۆیدا داڵدەی کۆمەڵە کچێک دەدات کە کاری لەشفرۆشـــی دەکەن. ئـــەم ژنە وەک خۆی باســـی لێـــوە دەکات، لەهەولێر پەیوەندییەکانـــی زۆر بووەو کۆمەڵێک موشـــتەری چەورو تینووی ســـێکس دەوریـــان داوە. دەڵێـــت «زوو زوو ماڵەکە دەگوێزمەوە، نەبادا دراوسێکانم پێم بزانن‌و داوام لەســـەر تۆمار بکەن. لەســـەرەتاوە ئەو کارە ســـەخت بوو، بـــەڵام ئافرەتی جوان وادەکەت لە هیچ شوێنێک کارت نەوەستێت». ئەم ژنە باســـی لەوەکرد، ماوەیـــەک لەمەوبەر بەرامبەر هەر شـــەوێک سەد دۆلاریان وەردەگرت، بەڵام ساڵو نیوێک زیاترە، نرخەکـــە بەرامبەر هەر شـــەوێک بۆتە ١٥٠ دۆلار، هەروەها دەڵێت «جەژنیش ئافرەتەکان بەر نەدەکەوتنو کارمان زۆر باش بوو، بەرامبەر هەر شـــەوێک ٢٥٠ دۆلارمان وەردەگرتو بەدوو شـــێفتیش سۆزانییەکانمان بەکرێ دەدا، بەڕۆژ لە کاتژمێر ١ تا ٥ بە ١٥٠ دۆلارو بە شەو لـــە کاتژمێر ٧ تا بەیانی ٢٥٠ دۆلار». یەکێک لە ژنە سۆزانییەکانی ماڵی ئوم عەلی، جەختیکـــردەوە، هەندێک جار پیاوی خاوەن ژنو مـــاڵو دەردێکمان پێ دەکەن تابەیانی دەبێت لە دەســـت ئازاری کۆئەندامی زاوزێمان هاتو هاوار بکەین». ئەو ژنە باس لەوەش دەکات کە ئێســـتا جۆرە دەڵاڵییەکـــی دیکە پەیـــدا بووە، ئەویـــش هەندێک کوڕی گەنـــج پەیدا بـــوون داوای دوو کچ بە جارێک دەکەنو هەر یەکەو ١٥٠ پەنجا دۆلاری دەدەنێ، بـــەڵام کە دەمانبەنە شـــوێنەکە دەبینی هەشـــت نۆ کەس کۆبوونەتەوەو بە هەموویان رادەبوێرن لەگەڵمانـــدا، رابواردنێـــک کـــە قێـــز لەخۆمانو لە سێکســـیش دەکەینەوە. بـــاوەڕ بکـــە نێرینەی کورد شـــێتانە سێکس دەکەن. تۆ وێنا بکە تا بەیانی هـــەر یەکێک ئەگەر بەلانی کەم ٢ جار سێکســـمان لەگەڵ بکات ئەوە چیمان بەسەر دێت؟!! کە لێیان دەپاڕێینەوە دەڵێن پارەمان داوە.

### دوعا دەکەین بۆ ئەمەریکییەکانمان نەبەن

رەشـــا، کچێکی ناوقەد باریکی رەش ئەسمەری تەمەن ٢٢ ساڵەیە، ئەو باس لەوە دەکات کـــە دوو جار موتەرجمی کورد کە لەگـــەڵ ئەمەریکییەکان کار دەکـــەن، داوای ســـەرجەم کچەکانیان کـــردووەو دەڵێت «ئێمە بە ئاهەنگمان زانـــی کەکۆمەڵە هاوڕێیـــەک ئاهەنگ دەکـــەن، کەچی ئـــەوەی روویدا دوعا دەکەین جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە». هەر لەدرێژەی قســـەکانیدا باس لەوە دەکات کە ئەو شـــەوە شـــتی سەیرو شـــازیان بینیوە «کاتژمێـــر حەوتو نیو بـــوو ئۆتۆمبێلێک هات شـــۆفێرو نەفەرێکی کـــوردو ئەمەریکییەکی تیا بوو. لـــە بەرامبەر نرخی شـــەش کچ هـــەزار دۆلاریان دا، بەڵام کە لەگەڵیان سەرکەوتین، ئەمەریکییەکە هەریەکەو ســـەد دۆلاری دیکەی پێدا‌ین. ئەوەبوو کـــە چووینە ئەوێ ئـــەوان پێنج کەس بوون. لەیەکێک لـــە ناوچە راقیەکانی هەولێـــر لە شـــوقەیەکدا بـــوون. کە چووینـــە ژوورەوە مێزێکـــی گـــەورە هەمـــووی خواردنەوەی لەســـەر بوو، سەرەتا ئێمەیان دابەشکرد، هەریەکەو یەکێکێ بەر کـــەوتو یەکێکیان گوتی من دووانم دەوێت. بە وەرگێڕەکەشیان گوت تـــۆ بۆت نییە هیـــچ بکەیت، تۆ کارت تەنها تەرجەمەیە. ئیدی سەرەتا تەنها داوای رەقســـیان دەکرد، ئێمەش جلی زۆر ســـەرنج راکێشـــمان لەبەردا بوو، دەستمان کردە سەماو خۆبادانو بیرەیان دەرخواردداین. تەنها یەکێکمان نەبێت کـــە لە بەرامبـــەر ٢٠٠ دۆلاردا دەستی دایە ویسکی خواردنەوەو دواتر بەزمیان لەگەڵ ئـــەو نایەوە. ئەو کچە کە سەرخۆش بوو، بەڕووتی سەمایان پێکـــردو تەســـویریان دەکـــرد. دواتر بەدوو کەس یەک لـــە دواوەو یەک لە پێشـــەوە خەریکی بـــوون. ئێمە زۆر لێیان دەترسا‌ین، چونکە جلو چاویلکە رەشەکانیان دانەدانە. هەموویان وەکو دیـــوار وابـــوون زەلامی چوار شـــانەو زۆر پیـــس بوون بۆنێکی ناخۆشـــیان لێدەهات».

> دەترسین بمانبەن بۆ ئەمەریکییەکان، چونکە ئەوان وەک خەڵکی ئاسایی سێکس ناکەن، حەزیان لە شتی شازە. لەڕێی وەرگێڕەکەوە داوایان لێدەکردین بەبەر چاویانەوە کچ لەگەڵ کچدا سێکس بکەین

لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت «ئەوان وەکـــو خەڵکی ئاســـایی سێکســـیان نەدەکـــرد، حەزیـــان لە شـــتی شـــاز بـــوو. لەڕێـــی وەرگێڕەکـــەوە داوایان لێدەکردیـــن بەبـــەر چاویانـــەوە کـــچ لەگەڵ کچدا ســـێکس بکەین. هەروەها لەڕووی سێکســـییەوە زۆر بـــێ توانا بوون، ئەوانی تریـــش وەک هاوڕێکانم باسیان لێوە دەکرد، زۆر درەنگ تەواو دەبوون، تەنانەت ئەو کچەی کە ســـەر خۆشـــیان کردبوو، حەبێکیـــان دایێ هیـــچ ئاگای لە خۆی نەمابوو. یەکێکی دیکەمـــان بە گریان لـــە ژوورەوە هاتە دەرەوە. خوێـــن لە ئەندامـــی زاوزێی دەهاتە خـــوارەوە. ئێمـــەش گوتمان ئەمە بۆ؟ گوتی بە پەنجەی دەســـتیو بە نینۆکی زۆر شـــێتانە ئەزیەتی دام. ســـینگو سمتیشی هەمووی ئاسەواری زلە لێدانـــی پێوە دیار بوو. بەرەبەیان ئەمەریکییەکان زۆریان خواردبووەوەو کەوتبوون. ئێمەش ویستمان بێینەوە، داوامان لە وەرگێڕەکە کرد بمانباتەوە، ئەویش گوتی جاری نا با منیش کاری خۆم بکەم. ئیدی دواتر کە هاتینەوە، بۆ مـــاوەی دوو رۆژ لەمـــاڵ کەوتینو نەچووینە دەرەوە».

### ئەگەر مۆنیکای هەبێت لە گەڵی دەڕۆینە شەقڵاوەو بێخاڵ

رەغـــد، رەشئەســـمەرێکی باریکو جوانکیلەیەی تەمەن بیست ساڵانەیە، ئەو باس لەوە دەکات کە زۆر کەیفیان لە گەڵ ســـەیارەی مۆنیکا دیت «ئێمە حەز دەکەین بڕۆینە هاوینە هەوارەکان، ئیـــدی ئەگـــەر موشـــتەری مۆنیکای هەبێـــت لە گەڵی دەڕۆینە شـــەقڵاوەو بێخاڵو گەلی، چونکە لەســـەیتەرەکان لێپێچینەوە لەگـــەڵ ئۆتۆمبێلی جۆری مۆنیکا ناکرێت».

رەغد ئەوەی بەبەڵگە بۆ ســـەلماوەو دەڵێت «جارێک منو هاوڕێیەکم بەرامبەر بە ٢٥٠ دۆلار لەگەڵ کوڕێک رۆیشتینە شـــەقڵاوە. ئـــەو کوڕە ســـەیارەیەکی ئۆپلی ئاســـایی پێبوو، ئیدی ئەوە بوو لە ســـەیتەرەکەی دەروازەی شەقڵاوە، ئێمەیـــان دابەزاندو بە کوڕەیان وت تۆ ئەوانە لە کوێ دەناسی؟ ئەویش گوتی مـــن بە پارە هێناومـــن. یەکێک کە بە عەرەبی قســـەی دەکرد لە سەیتەرەکە گوتی راستە ئێوە لەشفرۆشی دەکەن؟ ئێمەش گوتمان نا شـــتی وانیە. دواتر گوتیان بۆ هەویەتان پێ نییە؟ ئێمەش دەســـتماندایە گریانو پاڕانەوە، دوای کاتژمێرێـــک کوڕەکەیان بـــە کەفالەت ئازاد کـــردو ئیمە هەر ماینەوە. رەغد، گێڕایەوە، جارێکیـــان رێگای کەوتۆتە ســـەیتەرەیەکو یەکێک لەکارمەندەکان ژمـــارە مۆبایلەکـــەی لێوەرگرتـــووەو «دواتـــر دوای دوو رۆژ ئـــەو کوڕەی ســـەیتەرەکە کـــە بەعەرەبی قســـەی دەکـــردو ژمارەکەی منـــی وەرگرتبوو، پەیوەندی پێوە کردمو گوتی من ئەوە لەبەردەم نیوسیتی وەستاومو بیئێمێکی مارۆنیم پێیە، تکایە بەخێرایی وەرە لام هەرچیەکت دەوێت بۆت دەکەم. منیش ســـەرەتا هەندێک موجامەلەم کرد، تا دوو کارتی کـــۆڕەکو دواتر دوو کارتی ئاسیاشـــی بۆ تەحویل کـــردم، ئینجا ماوەیەکی باشـــیش لە شەحنم دانا». دواتر کۆمەڵێک قســـەی ناشیرینم پێ گـــوتو تەلەفۆنەکەم بەڕوو داخســـت. پاشـــان دوای دوو هەفتە ئەو جارەیان رۆیشـــتینەوە شـــەقڵاوە بەڵام لەگەڵ مۆنیکایەک، ئەوەبوو لەسەیتەرە کەس رای نەگرتیـــن، تەنانەت سەیریشـــیان نەدەکردین، بۆیە سەیارەی مۆنیکامان پێ خۆشە». ئەو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت کـــوڕی کورد زۆر بە ســـانایی قەناعەتمان پێ دەکـــەن «کوڕەکانی کوردســـتان زۆر بە ئاســـانی باوەڕمان پێ دەکەن. تەنها دوو قسەی خۆشیان بۆ دەکەین، کارتێکی ٢٥ دۆلاریمان بۆ تەحویل دەکەن، بـــەڵام کە لەگەڵمان رادەبوێـــرن زۆر تینـــوونو بەهیچ تێر نابن».



لەشفرۆشێک: من هەر لەگەڵ رووخانی سەدام هاتوومەتە کوردستان

### دەزانم چۆن کوڕان هەڵبخەڵەتێنم

هـــودە، کچێکـــی ترەو ئـــەو وەک خۆی باســـی لێوە دەکات، ماوەیەکی درێـــژە لە کوردســـتانەو لـــە چەندین شـــوێنیش کاری کـــردووە «من هەر لەگـــەڵ رووخانی ســـەدام هاتوومەتە کوردســـتان. مـــن ســـەرتا لـــە زاخۆ دەســـتم پێکرد، بەڵام لەوێ دەڵاڵەکە پارەیەکـــی زۆری خواردم. هودە، باس لەوەش دەکات کە بەتەواوی شارەزای کوڕە کوردەکان بـــووە. «من دەمێکە لە کوردســـتانم، ئێســـتا فێری زمانی کوردیش بوومە، هەروەها شارەزاییەکی باشـــم لەگەڵ کوڕان پەیـــدا کردووە، دەزانم چـــۆن هەڵیان دەخەڵەتێنم. بۆ نموونـــە کە بەشـــەو دەردەچم، دەڵێم دەبێـــت خواردنەوە بێنـــن، ئیدی وای لێدەکـــەم زۆر بخواتـــەوە، کـــە داوای ســـێکس دەکات دەڵێم هێشتا زووە با جارێ تۆزێک ئیغـــرا بکەین. ئیدی من پێدەکەنم‌و بە نیمچە رووتی سەمای بۆ دەکەم، ئەویش ناچار بەدیارمەوە هەر دەخواتەوە، بەشـــێوەیەک هەندێکیان ســـوور هەڵدەگەرێن، دواتر کە لەگەڵی دەچمە ســـەر جێگە، هەندێک دەست بەلەشـــی دادێنمو ســـەری دەخورێنم، تـــا وای لێدەکەم خـــەوی لێدەکەوێت. باوەڕبکە زۆر جار کوڕ هەبووە تا بەیانی هیچی نەکردووە، کە بەیانیش داهاتووە ئەو هەر لەخەودابووە من رۆشتوومەوە. کاتێکیش کە تەلەفۆن دەکات، دەڵێت ئەوە چیت بەسەر هات؟ منیش دەڵێم دەزانی تۆ شەو چەند ماندووت کردم، کوڕە ئەوە تۆ چی، دەزانی چوار پێنج جار لەگەڵم جووت بوویت، کەچی وەکو گوتم ئەو بەهۆی سەر خۆشی هیچی بۆ نەکراوەو هیچیشی لەیاد نەماوە! ئینجا پێم دەڵێت ئەرێ وەڵڵاهی دوێنی شەو خۆشترین شەوم بوو، زۆر خۆش رامان بوارد! بـــەڵام تا ئەم هونەرە فێر بووم چەند لەبەر ئازاری کۆ ئەندامی زاوزێم دەگریـــام، چەنـــد جـــار وام لێدەهات لەســـەر جێگە بگریـــەم، چەند جار بە زۆر لە پشتەوە کاری سێکسیان لەگەڵ دەکردم، بەڵام ئێســـتا خیبەرم پەیدا کردووە. هەروەها پێم خۆشە ئەوە بڵێم ئـــەو کچانەی کە بـــۆ یەکەم جار دێنە نێو ئەو دونیایە بۆگەنە، ئەوەی خراپە پێیـــان دەکرێت، بەجۆرێـــک تاهەتایە ناخیان پاک نابێتەوە. بەڵام چی بکەین قەدەری ئێمەش ئاوایە.

**تێبینی: ناوەکانی ئەم بابەتە خوازراون**

# دایکی ئاری: کچەکەم بەهۆی کاریگەری ئەڵقە دۆبلاژکراوەکانەوە خۆی کوشت



ئەڵقە دۆبلاژکراوەکان بینەرێکی زۆریان لەکوردستاندا هەیە

■ ئا: نەجیبە محەمەد

بەرەبەیانییەکـــی ٢٧ رەمـــەزان، کچێکی تەمـــەن ١٥ســـاڵان دوای ماڵ پاککردنـــەوە، بێئاگادار کردنەوەی هیچ کەســـێک بەدەمانچە سمنسەکەی باوکە شـــەهیدەکەی کە بە یـــادگاری هەڵیان گرتبوو، فیشەکێک دەنێت بەسەریەوەو دەســـتبەجێ لـــە ماڵەکەیانـــدا گیان لەدەســـت دەدات. بەپێی ســـەرچاوەی پۆلیســـیش هۆکاری خۆکوشـــتنی ئەم کچە نەزانراوەو کەسو کارەکەشی نازانن هۆکاری خۆکوشتنی چی بووە.

نەنکی ئاری ئامـــاژەی بەوە دەکرد کە «ئەو بەیانییە کە هەســـتاوە هەموو ئیشـــێکی کردووە، دواتـــر منداڵەکانی شوشتووە ویســـتوویەتی خۆی بشوات چۆتە ژورەوە جلوبـــەرگ ئامادە بکات خۆی بشـــوات، ئەوەمان زانی شـــڵپەی دەنگـــی دەمانچـــە هات، کچـــە پورو خوشکەکانی کە پێشتر قسەیان دەکردو دەنگـــی پێکەنینیان دەهات، ئەوان ئەو دەقیقەیە لای نەمابوون، وتبووی دەچم خۆم دەشـــۆم، کە چوینە لای بینیمان گوللەیەکی لەسەریدابوو لەودیوەوە دەری کردووە، لەشـــی خەڵتانی خوێن ببوو، نەگەیشتە خەستەخانە تەواوبوو».

دایکی ئاری بەجلە رەشـــەکانیەوە بە دەموچاوێکی پەشـــۆکاوو گریاناوییەوە دەیـــوت «من چووبووم بـــۆ وەرگرتنی مووچـــەی شـــەهیدانەکەی، لەگـــەڵ هەوێکەما، کە گەڕاینەوە لای دوکانەکانی نزیـــک ماڵی خۆمان شـــتمان بۆ جەژن دەکـــڕی، ئامۆژنی تەلەفۆنـــی بۆکردم دەنگـــی گریانو لەخـــۆدان دەهات، من ترسی ئەوەم هەبوو یەکێ لە منداڵەکانی تـــرم بەر ســـەیارە کەوتبـــن، نەمزانی کچەکەم خۆی کوشتووە».

دیاری عەبدوڵای تەمەن ٣٢ ســـاڵ، دایکـــی ئـــاری دوو کچـــی لـــە «فاقە مەخموری» هەیە کە ١٤ساڵ لەمەوبەر شـــەهید بووەو پێشـــمەرگەی یەکێتی بـــووە. دوای چەند ســـاڵێک برای فاقە مەخموری براژنەکـــەی مارەدەکاتەوەو لەگەڵ دوو کچەکـــەیو منداڵەکانی تری بەیەکـــەوە دەژین. ئـــەو دەمانچەی کە ئـــاری خۆی پێ کوشـــتووە هـــی فاقە مەخمـــوری باوکی ئارییە کـــە بەوتەی دایکـــی «ئەم دەمانچەیـــە، دەمانچەی سمنس بوو بە یادگاری هەڵیان گرتووە دوای شەهید بوونی باوکی».

دیاری عەبدوڵای دایکی ئاری، گومان لـــەوە دەکات کـــە کچەکـــەی بەهۆی کاریگەری سەیر کردنی ئەڵقە دۆبلاژکراوە عەرەبییەکانەوە خۆی کوشـــتبێت وتی «ئەم کچەمـــان زۆر هۆگری فیلم بوو، پێـــی دەوتم وەرە بۆم تەرجەمە بکە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، سەیری فیلمی لەمیســـی دەکرد بە کوردییەکەی ناوی فیلمەکـــە گوڵی خوێناوی بوو «خۆزگە کچەکەم بەم شێوەیە نەبینیایە مەرگی خۆم پێشکەوتایە».

هەر لەو رۆژەدا ٢٦-٩ کوڕێکی تر کە پۆلیس بوو لە بنکەی پۆلیسی قەڵادزێ، بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە کوژراوە. بەپێـــی راپۆرتـــی پۆلیـــس هـــۆکاری خۆکوشتنی ئەم کوڕە نەزانراوە، کەسو کارەکەیشـــی هۆکارەکـــەی نازانـــن لە راپۆرتەکەیانـــدا وایان ئیفادەدا داوە کە نازانن بۆچی خۆی کوشتووە.

بەپێـــی ئامارێکـــی بەڕێوەبەرێتـــی پۆلیسی پشدەر، تەنها لەساڵی ٢٠٠٧دا «٦٤ ســـکاڵا دژی هەڕەشـــەکردنی ژنـــان تۆمـــار کـــراوە کـــە زۆربەیان هەڕەشەی کوشتنیان لێ کراوە لەلایەن کەسوکاریانەوە، ئەوانیـــش لەناچاری هانایان بۆ تۆمارکردنی ســـکاڵا بردووە لە بنکە پۆلیســـەکان. بەپێی ئامارەکە لەوساڵەدا بەدەیان ژن خۆی سوتاندووەو ســـوتاوەو ١٥ ژن بەهۆی زۆریی رێژەی ســـوتاوییەکەیانەوە گیانیان لەدەســـت داوە. هەروەها لە ئامارەکەدا هاتووە هەر لەو ناوچەیەو لە ســـاڵی ٢٠٠٧دا ژنێک لەلایەن هاوســـەرەکەیەوە خنکێنراوەو دوو ژنیـــش خۆیان کوشـــتووەو ژنێک ڕفێنراوەو دوو ژنیش لە ئاودا خنکاونو دوو سکاڵاش لەســـەر خیانەتی زەوجی تۆمارکراوە».